# بزووتنەوەی دژ بە ئیعدام لە کوردستان , سەرەتایەکی خراپ

**عەلی مەحموود محەمەد**

هەر بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە سەرەتایەکی باش و ئەنجام پێکاو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر و پەیداکردنی لایەنگر , نەیاتە گۆڕەپانەکەوە , ئەوا ناتوانێت لەو کۆمەڵگایە بالا بکات و خۆی بچەسپێنێت , داخوازەکانی ببێتە مەتڵەبی جەماوەری .

بزووتنەوەی دژ بە شەڕی ڤێتنام و جەزائیر گەلێك جەماوەری ترو کاریگەرتر بوون , لە بزووتنەوەی دژ بە شەڕی ئەفغانستان و عێراق , چونکە خودی ئەو شەڕانە دەیانتوانی نەیار زیاتر بۆ خۆیان ڕابکێشن , دەربڕی نارەوایەتی زیاتر بوون لە هەمبەر ئەو گەلانە , شەڕی عێراق لەگەڵ دەرکەوتنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان نوزەی نەیارانی برا , وەلێ خۆتەقاندنەوەکان جارێکی ڕەوایەتیان پێیدایەوە و بەلاوازی لە بازنەیەکی تەسکدا هێنایانیەوە گۆڕەپانەکە , هەرچەندە بزاڤی هۆمانستی لە ئێستادا بەهێزترە لەو کات , دەبوایا ئەم بزووتنەوانە جەماوەریترو ڕێکخراوتر بونایا .

بۆ بزاڤی ئیعدامیش هەروایە , لە جیهاندا تاکو ئێستا زیاتر لە 100 وڵات مومارەسەی سزای ئیعدام دەکەن , ئەمڕۆ لە وڵاتە مۆدێرنەکان بزاڤێکی بەهێز هەیە بۆ کۆتایی پێ هێنانی , تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆشیان , چونکە لە بەشی ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا ئەو سزایە نەماوە , لە کوردستانیش خەریکە بزووتنەوەیەکی لەو شێوەیە شکڵ دەگرێت , وەلێ هەندێك هەڵوێستی کارەساتبڕ خەریکە دەبنە سەرەتای کاری ئەو بزاڤە , نموونە بۆیان ئیعدامکردنی شێخ زانا و سەدام حوسێنە .

بۆیە بەلای منەوە ئەم بزاڤە لە کوردستان , لە گرەوکردن لەسەر ئیعدامکردنی سەدام حسێن و شێخ زاناوە بییەوێت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا , شکڵ بگرێت و خۆی بەهێز بکات , ئەوا نەك هەر بە مردویی لە دایك دەبێت , بەڵکە بە ناشرینیش دەردەکەوێت , مردنێکی مێژوو ناشرینیش چاوەڕوانی دەکات , ئەوجا سەرهەڵدانەوەی ئەستەم و گرانە .

بۆیە ئەم بزاڤە لە کوردستان , نابێت گرەو لەسەر ئەوە بکات , بەهۆی ئەو نارەزایەتییە جیهانیانەی دژ بە ئیعدامکردنی سەدام حسێن بەرپا دەکرێت , خۆی پێوە گرێبدات و هەوڵبدات بەهۆیەوە بناسرێتەوە , ئەبێت لە کەیسی مرۆڤانەی کۆمەڵگەی کوردستاندا بێتە پێشەوە , ئەگەر بڕیاری ئیعدامکردن بەسەر ئاپۆدا بدرایا , دەیتوانی بزاڤێکی بەهێز لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە , یاخود ئیعدامکردنی خاڵەشهاب و هاوڕێیانی و لەیلا قاسم ... لە ئێستادا ڕویان بدایا , وەك چۆن بزاڤێکی جەماوەری بەدەوری د.کەمال سەید قادردا دژ بە زیندانیکردن درووست بوو , وەلێ ئەو بزاڤە ناتوانێت بژێت , ئەگەر سەرەتای تەمەنی بە کەیسی شێخ زاناکان و سەدامەکان دەستپێبکات , , سەدام حسێن و شێخ زانا پێستیشیان دامالرێت کەس ئۆفیان بۆ هەڵناکێشێت , بۆیە هەوادارانی ئەو بزووتنەوەیە دەبێت تەواو هوشیار بن , کاتێك دەتوانن جەماوەر لە دەوری ئەو بزاڤە کۆبکەنەوە , ئەو کێسەی کاری لەسەر دەکەن , دەبێت بتوانێت سۆزی جەماوەری ئەو هەرێم و وڵاتە بۆخۆی ڕابکێشێت کاری تێدا دەکەن , داواکاریەکەیان لەناو خەڵکدا ڕەوایی هەبێت و بتوانێت جەماوەر لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە , وەلێ کەیسی ئیعدامکردنی سەدام و شێخ زانا بزووتنەوەکە ناشرین دەکات , بە لە دایك بونێکی سەقەت دێتە دنیاوەو و نەوەیەکی مردوو بەرهەم دەهێنێت , بزاڤی لەم چەشنە لە کوردستاندا نەیاری زۆر زۆر زیاتر دەبێت لە لایەنگر و هەوادار , نەك بزاڤەکە پێش ناخات , بەڵکە چەندین فرسەخیش دەیخاتە دواوە , زۆر ملی مرۆڤی کوردیش دەبن بە قوربانی ئەم هەڵەیە .